# Characteristics of contemporary Kurdish poetry such as the poems of Sabah Ranjdar

**Sangar Qadir Sheikh Mohammed Haji**
[1] Department of Kurdish Language, College of Language - Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.07*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

The development of contemporary Kurdish poetry is intricately connected to the evolution of poetry on a global scale. Following the emergence of the Ruanga and Kufri groups, Kurdish literature witnessed the rise of Contemporary Poetry from the Kurdish Region, with numerous poets subsequently following in their footsteps. In addition, it becomes apparent that similar to poetry worldwide, contemporary Kurdish poetry has experienced transformations in terms of linguistics, content, and style.

The research paper titled "Exploring the Unique Attributes of Contemporary Kurdish Poetry through the Poems of Sabah Ranjdar". Furthermore, this study aims to delve into the distinguishing characteristics of Contemporary Kurdish Poetry to identify and analyze these characteristics by utilizing Sabah Ranjdar's poems as illustrative examples..

***Keywords:*** *Contemporary Poetry, Language, Content, Form, Sabah Ranjdar*

**تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بە نموونەی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر**

پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی
کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین
بەشی زمانی کوردی
Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

**پوختە**
لە دوای دەرکردنی هەردوو بەیاننامەی گرووپی ڕوانگە و گرووپی کفری، شیعری کوردی لە ڕووی فۆرم و زمان و ناوەڕۆکەوە گۆڕان بەسەردا هات و قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردی دەستپێیکرد کە تێیدا شاعیران تاڕادەیەکی زۆر بەرچاو دەسبەرداری کێش و سەروا بوون و زمانیشیان پتر لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک نزیکبووەوە.
ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بە نموونەی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر) کە لە سێ تەوەرەی جیاوازدا فۆرم و ناوەڕۆک و زمانی شیعری هاوچەرخ خراونەتەڕوو و لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەردا نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە و گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی جیهانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیشدا هەن و کەمێکیشیان تا ئێستا و لە سنووری ئاگاداری و خوێندنەوەی ئێمەدا بەرچاو نەکەوتوون، لەوانە بەشدارییپێکردنی جەستەی خوێنەر وەک بەشێک لە واتادانی زیاتر بە شیعرەکە. جیا لەمەش ئەو زمانەی سەباح ڕەنجدەر بەکاریهێناوە زیاتر لە زمانی فەرمی نزیکە لەوەی زمانی ڕۆژانەی خەڵک بێت.
**وشە کلیلییەکان**: شیعری هاوچەرخ، زمان، ناوەڕۆک، فۆرم، سەباح ڕەنجدەر

**تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بە نموونەی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر**

## پێشەکی

شیعری هاوچەرخی کوردی لە ڕووی فۆرم و زمان و ناوەڕۆکەوە لە شیعری نوێ جیاوازە، ئەمە بەو واتایە نییە کە شیعری هاوچەرخ هیچ تایبەتمەندییەکی تێدا نییە، کە لە شیعری نوێدا هەبووە، بەڵام ئەوەندە هەیە پسپۆڕێکی بواری ئەدەبیات یان خوێنەرێکی زیندوو بە ئاسانی دەتوانێ جیاوازی لە نێوان شیعری نوێ و شیعری هاوچەرخدا بکات.
ئەم توێژینەوەیەی لەبەردەست، کە ناونیشانەکەی (تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بە نموونەی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر)ە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە هەر بەشێکی چەند تەوەرەیەک لەخۆدەگرێت. لە بەشی یەکەمدا، چەمک و پێناسەی ئەدەبی هاوچەرخ و تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخ و فۆرم و بابەت لە شیعری هاوچەرخ خراونەتەڕوو و ئەو بنەما تیۆرییانە ئاماژەیان پێکراوە کە شیعری هاوچەرخیان لەسەر دروستبووە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخ لە شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) کە لە هەر سێ لایەنی فۆرم و بابەت و زمان تایبەتمەندییەکان دیاریکراون. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**گرنگیی توێژینەوە**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەر سێ لایەنی زمان و فۆرم و ناوەڕۆک لە شیعری هاوچەرخ دەخاتەڕوو و پاشان بۆ هەر لایەنێک نموونە لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر دەهێنێتەوە.

**سنووری توێژینەوە**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەردوو بەرگی دیوانی سەباح ڕەنجدەر کە لە ساڵی ٢٠١٨ چاپکراوە.

**ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفیی شیکارییە و ڕێبازێکی گونجاوە بۆ توێژینەوەکە، چونکە لە سەرەتادا تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی تێدا خراوەتەڕوو و دواتر ئەو تایبەتمەندییانە لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەردا دۆزراونەتەوە و شیکراونەتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە**

– ئایا ئەو گۆڕانانەی بەسەر شیعری نوێ داهاتوون و قۆناغێکیان بڕیوە و بوون بە شیعری هاوچەرخ، گۆڕانی هەمەلایەنن، یان تەنیا لە چەند ڕوویەکەوە ڕوویانداوە؟

– ئایا ئەو تایبەتمەندییانەی لە شیعری هاوچەرخدا هەن، لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر دەرکەوتوون و نموونەیان لێ دەستدەکەوێ؟

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی هاوچەرخە لە ڕووی زمان و ڕوخسار و بابەتدا و دواتر دۆزینەوە و شیکاری ئەو تایبەتمەندییانەیە لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەردا.

**١- ئەدەبی هاوچەرخ و بنەماکانی:**

**١-١ چەمک و پێناسەی ئەدەبی هاوچەرخ**

ئەدەبی هاوچەرخی هەر میللەتێک چەند خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە هی میللەتانی دەوروبەر و جیهانیش جیاوازن، ئەو گرفتە هەر بەردەوامە، تەنانەت کاتێک تەنێ لەبارەی ئەدەبی هاوچەرخی تاکە میللەتێکیش دەدوێین، چونکە میللەت هەن خاوەنی یەک زمانی یەکگرتوون، بەڵام چەند دەوڵەتێکیان هەیە و ئەدەبیاتی هەر وڵاتێکش لەوەی دیکە جودایە، میللەتیش هەن بێ دەوڵەتن، بەڵام دابەشبوونیان و کاریگەرییان بە ئەدەبیاتی هاوچەرخی میللەتانی داگیرکەر لەیەکی جوداکردوونەتەوە.

لەبارەی چەمکی ئەدەبی هاوچەرخەوە، کورد هاوچەرخ و عەرەب معاصر و فارس معاصر و ئینگلیزیش Contemporary بۆ ئەو چەمکە بەکاردێنن، کە چەمکی هاوچەرخ، واتە "سەر بە هەمان سەردەم بوون" (Hornby: 2005 : ٣٢٩) ئەمەش لە کاری ئەدەبیدا بۆ

تێکستێک بەکاردەهێندرێت، کە لە سەردەمی خوێنەرەکەی ئەفرێندراوە، بەڵام ئایا ئەمە بەسە کە تێکستێک ئێستا بنووسرێت، ناوی بنێین هاوچەرخ "هاوچەرخبوون لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای هاوسەردەم و ئەو کاتە دێ، کە تێیدا دەژین" (الزمخشري:١٤١٩: 657)، بەڵام بۆ دەقی ئەدەبی ئەم تێدا ژیانە، نابێت تەنیا خوێنەر بگرێتەوە و دەبێ خودی دەقەکەش بگرێتەوە، چونکە زۆرجار تێکست هەیە ئێستا دەنووسرێن، بەڵام شێواز و زمانی نووسینیان هی دەیان ساڵ پێش ئێستایە، کەواتە ڕاستە (Contemporary) بە واتای هاوچەرخ یان هاوسەردەم بەکاردێت، بەڵام واتای دیکەشی هەیە وەک:

١- هاوچەرخ

٢- هاوتەمەن

٣- نوێ، تازە، سەردەمی (قەرەداغی: ٢٠١٢: ٢١٣)

نوێی و تازەیی و سەردەمیبوون سێ سیفەتی گرنگی ئەدەبی هاوچەرخن و ئەگەر خوێنەری سەردەمی لەدایکبوونی دەق لە دەقێکدا هەست بە داهێنان و نوێگەری و جیاوازی نەکات و تێیدا جوانی بە شێوەیەک بەرجەستە نەکرابێت، کە چێژێکی جیاوازمان لە دەقەکانی پێشوو پێبدات، ئەوا ئەو دەقە بە هاوچەرخ دانانرێت، "((سیفەتی هاوچەرخ بوون)) لە ((شیعری هاوچەرخ))دا واتای خۆی هەیە، ئەو قۆناغەیە کە ئێمە تێیدا دەژین، قۆناغێکی بزواوە و بە جێگیربوون قایل نابێت، ئەوەی ئەمڕۆ هاوچەرخە ڕۆژێک دادێت دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی هاوچەرخبوون و ئەوکات تەنیا بە نوێ دەمێنێتەوە)) (اسماعیل، 2003: 8)، ئەمەش بە ڕوونی جیاوازیی نێوان شیعری نوێ و شیعری هاوچەرخمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەوەی دەکرێ هەموو شیعرێکی هاوچەرخ ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە شیعرێکی نوێ، بەڵام شیعری نوێ هەرگیز نابێتە شیعری هاوچەرخ، ئەمەش وابەستەیی شیعر بە سەردەم دووپاتدەکاتەوە و هەر شیعرێک کاتێکی زۆر بە سەر نووسینیدا تێپەڕبووبێت و شێوازێکی نوێی نووسین هاتبێتە ناوەوە، ئەوا سیفەتی هاوچەرخبوونەکەی لەدەستدەدا.

(سیرووسی شەمیسا) پرسی هاوچەرخبوونیش دەکاتە دوو بەش و پێیوایە "هاوچەرخبوون دوو مەفهومی هەن بە عورفی گشتی و عورفی تایبەتی. شاعیری هاوچەرخ لە عورفی تایبەتەدا ئەو کەسەیە کە شیعری نوێ بە شێوەی ئازاد یان شەپۆلی نوێ و شتی لەمشێوەیە دەهۆنێتەوە. هەرچی هاوچەرخبوونە لە عورفە گشتی و هەمەکییەکەیدا بەو کەسانە دەگوترێ کە لایەنی کەم لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشوو وەک شاعیر بەناوبانگبوون" (شمیسا، ١٣٨٣:٨٧ ). بەو واتایەی، شاعیر کاتێک پێی دەگوترێت هاوچەرخ کە بە شێوازێکی نوێ و ئازاد شیعر دەهۆنێتەوە و لە شێوە گشتییەکەشیدا بە شاعیرانی سەردەمێکی دیاریکراو دەگوترێت هاوچەرخ و بە هی سەردەمێکی تر ناگوترێت، بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا شاعیرانی پێش ڕوانگە و گرووپی کفری و شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە شاعیری هاوچەرخ دادەنرێن، بەڵام هەموویان نا، چونکە هەندێکیان لە سەر هەمان ئەو ڕێچکەیە مانەوە کە شاعیرانی پێشوو لەسەری بوون.

ئەمەی سەرەوە پشتگیریی ئەوە دەکات، بە ئەدەبیات و دەقێک بگوترێت هاوچەرخ کە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازەوە هاوچەرخ بێت و لە شیعری قۆناغی پێش خۆی نەچێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێستا بنووسرێت.

**٢-١ تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخ**

قۆناغە جیاوازەکانی شیعر بۆیە پەیدابوون، چونکە هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندی لە قۆناغێک هەن و لەوەی دیکە گۆڕاون. هەروەها هەر قۆناغێک پشت بە چەند شاڕێ و بۆچوونێک دەبەستێت کە پێیان لە قۆناغەکانی دیکەوە جیادەبێتەوە، بۆ نموونە "بزاوتی شیعری هاوچەرخ پشتی بە سێ وێنای بنچینەیی بەستووە، کە ئەمانەن:

1. بەهێزیی وێنەی شیعری
2. ئازادکردنی خەیاڵی شیعری و دەرخستنی توانا شیعرییەکان
3. بەکارهێنانی شیعر وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئازادکردنی مرۆڤ و دەربڕینە ئەزموونە مرۆییە سادەکان... دەرچوون لە ئەزموونی شیعری سواو و چوون بەرەو ئەزموونی نوێ کە لەلایەکەوە جەخت لە ئازادیی شاعیر دەکاتەوە و لەلایەک دیکەش پابەندبوونی شاعیر بە خەم و بابەتە نەتەوەییەکان دووپاتدەکاتەوە" (أبوسنة، 1986: 12-13)

وێنەی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی هۆنینەوەی شیعردا بە هێزەوە ئامادەیی هەبووە، بەڵام شێواز و دەربڕین و ئەو وێنانەی دروستکراون لە یەکتری جیاوازن، ئەو وێنانەی لە شیعری کلاسیک بەرهەمدەهاتن، زۆرینەیان وێنەی خەیاڵی و فانتازین و بە مەبەستی مەزنتر و جوانتر پێشاندانی یار هۆنراونەتەوە. وێنە شیعرییەکانی شیعری نوێ دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان خەیاڵین، بەڵام فانتازی نین و خەیاڵەکە سنووردارە و جۆری دووەمیش پیشاندانی واقیعە، بەڵام هەر نەکراوە بە تەواوی دەسبەرداری واقیع بن. هەرچی وێنە شیعرییەکانی قۆناغی شیعری هاوچەرخە، ئەوا بە تەواوی واقیعین و وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکن بەبێ هیچ زیدەڕۆییەک. شاعیری هاوچەرخ "دەیەوێ وێنەی شتێک بکێشێت کە هەستەکانی لە دەرەوە هێناویانە، نایەوێ بڵێ دەنگی کەناری خۆشە، بەڵکو وێنەی خۆشی و جوانیی دەنگی کەناریمان بۆ دەکێشێ، ئەو نایێ باسی بەزەیی و بەخشندەیی کەسێک بکات، بەڵکو چیرۆکێک دەهێنێتەوە لەبارەیەوە تا بەزەیی و بەخشندەییەکەی بخاتە بەرچاو" (مقدم، ١٣١٣: ٧١). واتە شاعیری هاوچەرخ وێنەی ڕاستەوخۆ ناکێشێ، تا وەرگر ڕاستەوخۆ واتاکەی وەرگرێ، بەڵکو سادەتر و بەرفراوانتر کارەکە دەکات و هەوڵدەدات بە ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئاسانتر وەرگرەکەی تێبگەیەنێ.

ستوونی دووەم کە ستوونی ئازادکردنی خەیاڵی شیعرییە، تایبەتمەندیی بە شیعری هاوچەرخ داوە و ئازادیی خەیاڵ ئازادیی باسکردنی هەموو بابەتێکی لێکەوتووەتەوە و هیچ

بەربەستێکی لە ڕێی شاعیر نەهێشتووەتەوە کە چۆنی بوێ و کامە بابەتی بوێ شیعری لەبارەوە بهۆنێتەوە.

ئەو دەستوالاییەی شاعیر هەیەتی لە باسکردنی هەر بابەتێک کە بیەوێ، وایکردووە شیعری هاوچەرخ سەرەڕای چێژبەخشین و جوانی، پرسە گرنگەکانی ڕۆژ و خەمەکانی کۆمەڵگەش بێنە ناوەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان ببنە زمانحاڵی خەڵکی سادە و ئاسایی. ئەمەش ستوونی سێیەمی شیعری هاوچەرخە و هەر ئەم ستوونەی سێیەمە وایکردووە شیعری هاوچەرخ ئیلهام لە دەروونی شاعیرەوە وەرنەگرێت، بەڵکو لە ژیان و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی وەریدەگرێت و دواتر دەیەوێت بەش بەش وەسفیان بکات، تا خوێنەر بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە ئەو پێی گەیشتووە. (مقدم، ١٣١٣: ٧١). بەو واتایەی، لە شیعری هاوچەرخدا وێڕای ئەوەی لە ناخ و دەروونی شاعیردا هەیە، دەهێنرێتە دەرەوە، ئەوەی شاعیریش لە تاکەکانی کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانە پێی ئاشنا دەبێ، ئەوە دەکاتە شیعر و دەیهۆنێتەوە، ئەمەش بۆ شاعیر دەبێتە ئەزموون و "لە چوارچێوەی ئەزموونە نوێیەکەیدا چاوەڕێی ئەوە لە شاعیر دەکرێ خۆی وەکو تاک تێبپەڕێنێ و ببێتە خودێک لەو کۆمەڵەیەی ئەو تاکێکە تێیدا و خۆدەربڕینیشی لە چوارچێوەی خۆدەربڕینە بە کۆمەڵەکەدا بێت" (اسماعیل، 2003: 42)، بە جۆرێک وێڕای خودسەنتەری و باسکردن لە خەم و خۆشییەکانی شاعیر خۆی، کۆمەڵگە سەنتەریش بێت و لەباتی ئەوەی کۆمەڵگە لەخۆی کورتبکاتەوە، خۆی وەک بەشێکی کۆمەڵگە پێشاندەدا و تەواوی پرس و خەمەکانی دەوروبەری دەکاتە پرس و خەمی خۆی.

دیارە ئەمەی سەرەوە مانای ئەوە نییە کە شاعیر بە هیچ شێوەیەک باسی خۆی ناکات، بەڵکو "خۆبەستنەوەی نووسەر یان شاعیر بە ژیانی سەردەمەکەی، لەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەدا دەردەکەوێ کە ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە. بوونی هەر یەکێکیان لە بوونی ئەوی تردا دەبینێت و هەر گۆڕان و پەرەسەندنێکیش لە یەکێکیان بە ئەنجامی گۆڕانی ئەوی تریان دادەنێ و تەنانەت ئەرک و مەبەستی شیعر و ئەو پەیامەی شاعیر دەیەوێ بیگەیەنێ هەمووی لەو پەیوەندییەدا کۆدەبێتەوە کە بە یەکتریان دەبەستێتەوە" (سابیر، ٢٠٠٦:٤٤٦)، واتە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی و تەواوکارییە و شاعیر کە باسی خۆی دەکات بە شێوەیەک لە شێوەکان باسی کۆمەڵگە دەکات و بە پێچەوانەشەوە.

کاتێک لە قۆناغی شیعری هاوچەرخدا داوای خۆتێپەڕاندن و قاڵبوونەوە لە خۆشی و گرفتەکانی کۆمەڵگە لە شاعیر دەکرێ، ئەوا لەگەڵیدا تایبەتمەندیی شیعریش گۆڕانی بەسەردا دێت، بە بڕوای گاری ئار. هێس شیعری هاوچەرخ ئەم پێنج تایبەتمەندییانەی هەن:

١- شیعری هاوچەرخ بە زۆری وەک پەخشان دەنووسرێت و نە کێشی هەیە و نە سەروا.

٢- خوێنەر بە ئاسانی لە زمانی شیعرەکە تێدەگات.

٣- شیعرەکان کورتن، بەهەمان شێوە دێرە شیعرەکانیش.

٤- ئەو وێنە شیعرییانەی شاعیر دروستیاندەکات، وا لە خوێنەر دەکات هەموو هەستەکانی لە بەرانبەریان ببزوێنێ، نەک تەنیا یەک هەست.

٥- بانگهێشتی خوێنەر دەکات تا خۆی لە شیعرەکەی هەڵقورتێنێ، بەبێ ئەوەی بە دەنگی بەرز هاواربکات و واتای شیعرەکان لێکبداتەوە. (HESS، ٢٠١٥: )

ئەم پێنج تایبەتمەندییەی سەرەوە بە وردی جیاوازیی نێوان شیعری نوێ و شیعری هاوچەرخمان بۆ دەستنیشاندەکات. شیعری نوێ دەکرێ هەم کێشی هەبێ و هەم سەروا، هەرچی شیعری هاوچەرخە بێ کێشە و بە دەگمەن و بە ڕێکەوتیش سەروای دەبێ، کەواتە دەتوانین بڵێین شیعری هاوچەرخ نە کێشی هەیە و نە سەروا و ئەگەر هەشی بێ، ئەوا بە مەبەست نەبووە و ڕێکەوتە.

هەروەها زمانی شیعریی نوێ ئەگەرچی لە زمانی شیعریی کلاسیک ئاسانترە، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بە تەواوی پەتیبوونی، زۆرجار خوێنەر پێویستی بە ڕامان و لێوردبوونەوە هەیە، تا لێی تێبگات، کەچی "زمانی شیعریی شیعری هاوچەرخ زمانی ڕۆژانەی خەڵکە" (Sparks, 2023: ) و زۆربەی کات شاعیر ڕۆژانە چۆن قسەدەکات و دەدوێت، ئاواش دەنووسێت، هەر ئەوەشە وایکردووە وەرگر ئەگەر لە چەمکەکان و مەبەستی شیعرەکە تێبگات، ئەوا زمان نابێتە بەربەست لە بەردەم تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە شیعرەکە.

خاڵی سێیەم لەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ شیعری هاوچەرخ دیاریکراون، بریتییە لە کورتبڕی. کورتبڕیی شیعری هاوچەرخ لە هەموو لایەنەکانەوەیە. شاعیری هاوچەرخ ناونیشانی کورت و بیرۆکەی کورت و ڕستەی کورت و شیعری کورت بەرهەمدێنێت و ئەمەش پەیوەندیی بە سەردەمی پاش مۆدێرنیزمەوە هەیە، کە هەموو شتێک خێرا دەڕوات و وەرگر حەوسەڵەی ئەو بەرهەمانەیان نییە کە کاتی زۆری پێویستە بۆ گوێلێگرتن یان خوێندنەوەیان.

**١-٣ بابەت و فۆرمی شیعری هاوچەرخ**

بابەتی شیعری هاوچەرخ "بە تەواوی لەخۆوەیە، چونکە هەموو ئەو پرسانەی هەن، دەستیان بۆ دەبات و لەبارەیانەوە دەدوێ" (HESS، ٢٠١٥: )، لەخۆوەبوونی شیعری هاوچەرخ بەو واتایە دێ کە شاعیر بابەت یان پرسێک هەڵدەبژێرێت و ئیدی ئەوەی بەمێشکیدابێت لەبارەیەوە دەنووسێت، خورتی لەخۆی ناکات و بەدوای زێدەڕۆیی و ڕەوانبێژی لە ڕادەبەدەر و وێنەی شیعریی ئاڵۆزدا ناگەڕێ.

بێجگە لەمە "باوترین بابەتەکانی شیعری هاوچەرخ بریتین لە باسکردنی بابەتەکانی خۆشەویستی و خانەوادە و مردن" (Sparks، ٢٠٢٣) و پرسی ژینگە و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و بازرگانیکردن بە منداڵان و بە ژنان و مادەی هۆشبەر... هتد. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە " شاعیر بانگهێشتی وەرگر دەکات تا خۆی حاڵەتەکان بدۆزێتەوە و ئەنجامەکان پێشکەشبکات و واتاکان کورتبکاتەوە، واتا لە شیعری هاوچەرخ زیاتر لەوەی لە مێشکی شاعیر بێت، لە مێشکی وەرگرە" (HESS، ٢٠١٥: ) و وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا خۆی واتای پتر دەدا بە شیعرەکە و دەیبەستێتەوە بەو پاشخانەی لەبارەی بابەتەکەوە هەیەتی، چونکە "زۆربەی شیعرە هاوچەرخەکان تەرکیزیان لەسەر پێشنیازکردنی فیکرێک یان وێنەیەکە لەبری ئەوەی بێ پێچ و پەنا بابەتەکانیان بخەنەڕوو" (Sparks، ٢٠٢٣)

ئەمەی سەرەوە مانای ئەوەیە لە شیعری هاوچەرخدا وەرگر زۆر گرنگە و دەبێتە بەشێکی تەواوکەری شیعرەکە و شاعیر فیکری خۆی و پاشخان و بیرکردنەوەی خوێنەر لەیەکدەدات، تا تێگەیشتنێک لە بابەتی شیعرەکە دروست بکات. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ڕەگەزی زیندوویەتیی شیعری هاوچەرخ بریتییە لە خوێنەر. بەو واتایەی، ئەوە خوێنەرە کە هەمیشە وا دەکات دەقی شیعری هاوچەرخ نەمربێت، لەبەرئەوەی پاشخان و مەعریفە و تێگەیشتنی خوێنەرێک لەوەی دیکە جیاوازە و ئەو جیاوازییەش جیاوازی لە لێکدانەوەی شیعرەکە دروستدەکات، واتە شاعیری هاوچەرخ لەباتی ئەوەی وشەی فرەواتا و هونەری ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوە و وێنەی شیعری و فیکری ئاڵۆز بێنێتە ناوەوە تا شیعرەکەی هەمیشە واتای جیاواز بدات، دێ شیعرێک خۆی چۆنی بوێ ئاوا دەیهۆنێتەوە و ئەرکی پێدانی واتای جیاوازیش دەداتە خوێنەرانی.

هەروەها شاعیری هاوچەرخ وێڕای ئەوەی ئەرکی کردنەوەی بەشێک لە کۆدەکان دەخاتە ئەستۆی وەرگر، هەندێکجار ئەمە تێدەپەڕێنێ و جەستەی وەرگریش وەک بەشێک لە واتای سەربار بۆ شیعرەکەی بەکاردێنێ و ئەمە لەم نموونە شیعرییەی کە ناوی (٤٠ خۆشەویستی-40Love)ەو هی (Roger McGough) ڕوونیدەکەینەوە:

| | |
|---|---|
| دوو | گەنجی |
| عاشق | یاری |
| تێنسیان | دەکرد |
| کاتێک | یاری |
| کۆتایی | پێهات و |
| گەڕانەوە | ماڵەوە |
| هێشتا | تۆڕەکە |
| لەنێوانیاندا | بوو (Miller، 2001:٢٩) |

سەرەڕای ئەو واتا و وێنەیەی لە ڕێی وشەکانەوە دەربڕاون شاعیر هەندێک وردەکاریی دیکەشی لە شیعرەکەدا کردوون، کە پێویستییان بە خوێنەرە بیاندۆزێتەوە، بۆ نموونە ئەو باسی یاریی تێنس دەکات، شیعرەکەی لە دوو ستوونی جیاواز نووسیوە وەک چۆن دوو عاشقەکە یەکیان لەولای تۆڕەکەیە و ئەوی تریشیان لەملا، هەروەها ئەو پەڕەی کە نووسینەکەی لەسەر کردووە، وەکو یاریگای تێنس مامەڵەی لەگەڵ کردووە و لەمەش هەمووی وردتر بەکارهێنانی بەشێک لە جەستەی خوێنەرە کە چاویەتی و کردوویە بە تۆپی تێنس و لەکاتی ئەمبەر ئەوبەر پێکردنی هەردوو چاو وەکو تۆپی تێنس دێن و دەچن.

پرسیارێکی دیکە کە لەبارەی شیعری هاوچەرخەوە بەرەوڕووی دەبینەوە، بریتییە لەوەی ئایا لەو گۆڕانەی بەسەر شیعردا هاتووە و شیعری لە نوێوە کردووە بە هاوچەرخ، کامە لایەن زووتر گۆڕاوە؟ سەرەتا ڕوخسار گۆڕاوە و دواتر ناوەڕۆک و بابەت، یان بە پێچەوانەوە؟

(عزەدین مستەفا ڕەسووڵ) وەڵامی ئەم پرسیارە بەمشێوەیە دەداتەوە و نووسیویەتی "گۆڕینی ناوەڕۆک دەبەستریتەوە بەو گۆڕینە قووڵانەوە کە بەسەر بنەڕەتە ئابووری و

پێوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵدا دێت. لە کاتێکدا ڕوخسار سەرخانێکە دەتوانین هەندێک قاڵبی لە ڕژێمەکانی پێشووەوە وەربگرین و وای بگونجێنین کە خزمەتی ناوەڕۆکی تازە بکات" (رسول، ١٩٨٩: ٦٣)، ئەمەش مانای وایە ئەو باوەڕی بەوە هەیە کە ئەو بەربەستانەی لە بەردەم گۆڕینی ڕوخسار هەبوون کەمتر بوون لەو بەربەستانەی لەبەردەم گۆڕینی ناوەڕۆکدا بوون، هەرچەندە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆک لە بنەڕەتدا پێویستییان بە گۆڕانی فیکریی هەم شاعیر و هەم وەرگریش هەیە.

هەرچی (پەرێز سابیر)ە، ئەوا وێڕای ئەوەی دووپاتی دەکاتەوە کە زۆربەی زۆری ڕەخنەگرانی کورد پێیانوایە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی سەختتر بووە لە گۆڕانی ڕوخسار و فۆرم، بەڵام ئەو ئەمەی لا پەسند نییە و پەسندنەکردنەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مێژووی ئەدەبیاتی جیهان دەریدەخات کە نوێکردنەوەی (ڕوخسار) کارێکی سەختتر و ئاڵۆزترە وەک لە نوێکردنەوەی (ناوەڕۆک) کە یەکسەر بەستراوەتەوە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە (سابیر، ٢٠٠٦:٤٤٨).

پرسی گۆڕانی فۆرم و ناوەڕۆک و کامەیان پێش کامیان دەکەوێ پرسێکی دیالێکتیکییە و ڕەنگە بۆچوونی گونجاو ئەوە بێت، گۆڕان لە هەردووکییان ئاسان نییە و ئەوەی لە مێژووی ئەدەبیاتدا ڕوویداوە، بە تایبەتی لە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانتیک، ئەوەی سەلماندووە کە گۆڕانکاری لەناو ئەدەب زۆر سەختە و پرسی سەختیی هەردوو لایەن دەگرێتەوە و هەر لایە و کۆمەڵێک بەربەستیشی لەبەردەمن بۆ گۆڕانکاری. هەرچی پەیوەندیی بە زوویی یان درەنگیی گۆڕانەکەوە هەیە، ئەوا پێدەچێ گۆڕانی ناوەڕۆک پێش گۆڕانی فۆرم بکەوێ، چونکە ناوەڕۆکی ئەدەبیات هەم پەیوەندیی بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و هەمیش بە گۆڕانە ئەدەبییەکان، بەڵام گۆڕان لە ڕوخسار و فۆرمدا تەنیا پەیوەندیی بە ئەدەبیاتەوە هەیە و کەمتر پەیوەستە بە بابەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

## ٢- هاوچەرخیەتیی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر

وەک پێشتر باسمانکرد، شیعری هاوچەرخی کوردی لە دوای بەیاننامەی ڕوانگە و دەرکەوتنی گرووپی کفری و دوابەدوای ئەوانیش پەیدابوونی ڕەوتێکی نوێ لە شاعیرانی هەولێر کە بە گرووپی هەشتاکانی هەولێر ناسران، بە تەواوی خەسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخی لێ دەرکەوت و دوای ڕاپەڕینیش ئەمە بە تەواوی لە شیعری کوردیدا ڕسکا. (سەباح ڕەنجدەر) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە تەواوی دیوانەکەیدا زۆرینەی زۆری تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخ هەن و لێرەدا لە سێ تەوەرەی جیاواز باسی تایبەتمەندییە فۆرمی و بابەتی و زمانییەکانی شیعرە هاوچەرخەکانی (سەباح ڕەنجدەر) دەکەین:

### ٢-١ فۆرمی شیعرە هاوچەرخەکانی سەباح ڕەنجدەر:

شیعر تا بەردەوام خوێنەری هەبێ، ناوەناوە و لە قۆناغی جیادا خۆی نوێدەکاتەوە و ئەو نوێبوونەوەیەشی هەم بۆ ئەوەیە واتای نوێ بداتە تێکستەکە و هەمیش جۆرە فۆرمێکی شیعری پێشکەش بکات، کە خوێنەرەکەی پێشتر پێی ئاشنا نەبووە تا چێژی لێوەربگرێ، شاعیرانی

هاوچەرخ توانیان ئەمە بکەن و ڕایەڵێکی نوێ لە نێوان دەق و خوێنەر و خۆیان دروستبکەنەوە و شیعریش بە زیندوویی بهێڵنەوە، ئەمەش لەڕێی:

٢-١-١ گۆڕینی فۆڕمی باو: فۆڕمی باوی نووسینی شیعری کلاسیک دوو هێڵی تەریبی لەژێر یەکن کە کۆتایی لەتەدێری یەکەم و سەرەتای لەتەدێری دووەم دەکەونە سەر یەک و لە دەستنووسەکانیش، زۆربەی کات، دێردێر لەسەر یەک نووسراون. لە ئەدەبی نوێدا ژمارەی ئەو فۆڕمانە زۆرترن، بەڵام هەر دیاریکراون، بەڵام شیعری هاوچەرخ بەربەستی فۆڕمی بە تەواوی تێپەڕاند و توانی بیخاتە خزمەتی واتا:

هومای ناقۆڵا

لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ

هێرش دەبا و خۆبەدەستەوە دەدات

ئاگادارییەک لە شەقامی

ژ یـ ا ن

م

ر

د

ن (بەرگی یەکەم: 142)

لەم شیعرەی سەرەوە و چەندین شیعری دیکەی دیوانەکانی کە لە هەشتاکانەوە دەهۆنێتەوە، (سەباح ڕەنجدەر) توانیویەتی فۆڕمی شیعر بە تەواوی بگۆڕێ و جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان فۆڕمی شیعر و واتای شیعر دروستبکات، ئەمەش زۆرتر لە شێوازی نووسینی هەردوو وشەی (ژیان) و (مردن) بەرجەستە دەبێ و دەیەوێ پێمان بڵێ ژیانمان پارچە پارچە و بەش بەشە و لە کۆتاییدا تەواودەبێت و تەواوکەرەکەی مردنە کە وردەوردە بەهۆیەوە دادەڕمێین و نامێنین. بێگومان ئەگەر شاعیر ئەم کارەشی نەکردبا و شیعرەکەی بەمشێوەیە نەنووسیبا، واتای خۆی هەردەبوو، بەڵام هێندە قووڵ نەدەبوو و ئەو واتایەی نەدەبووە سەربار. ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە (ڕەنجدەر) ئەمەی لە هەشتاکان کردووە، کە ئەگەرچی لەو سەردەمدا ڕەوتی نوێگەری لە شیعری کوردی ڕاگەیێنرابوون، بەڵام ئەم جۆرەی نووسین بۆ ئەو سەردەم نوێ بوو.

ئەمەی سەرەوە لە شیعری شاعیر بە فۆڕمی جیاوازی دیکەش دەربڕاون و لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆشی، بە تایبەتی ئەوانەی ساڵانی هەشتا، وەدەست دەکەون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەدەبی هاوچەرخی کوردی پێینەگەیشتووە بە (ڕەنجدەر)یشەوە بریتییە لەوەی نەتوانراوە فۆڕمی شیعری کوردی بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی، نەنووسینی جۆرێک لە فۆرم ببێتە هۆی لەدەستدانی بەشێک لە واتای شیعرەکە، بەو واتایەی شاعیر بتوانێ دوو ئاست بۆ شیعرەکەی دەستنیشانبکات، ئاستی یەکەم خوێندنەوەی شیعرەکە بێت، بەبێ وردبوونەوە لە

فۆرم کە واتایەکی ڕووکار و سەرپێیی دەدات و خوێندنەوەی شیعرەکە لەگەڵ ئەو فۆرمەی پێی نووسراوە کە واتایەکی قووڵ دەدات و جوانییەکی زۆر بە شیعرەکە دەدات، کە ئەمە لە ئەدەبیاتی بیانیدا هەیە و نموونەی بەرچاویان هەن.

٢-١-٢ سەروادار بۆ بێ سەروا

لە ئەدەبی هاوچەرخدا، بە تایبەتی لای ئەو شاعیرانەی جێپەنجەیان لەم قۆناغەی شیعردا دیارە و (ڕەنجدەر)یش یەکێکە لەوان، سەروا هیچ بایەخێکی نییە و مەگەر بە ڕێکەوت، ئەگینا لە تەواوی دیوانەکان شیعرێکی سەروادار نابینییەوە. ئەم ڕزگاربوونە لە سەروا، شاعیر ئازاد دەکات لە بەکارهێنانی ئەو وشەیەی زۆرترین خزمەت بە شیعرەکەی ئەو دەکات و مەزراندنی فۆرمێکی شیعر کە نەبێتە دارەدەستی سەروا:

لەرزی دیدار لەسەری پەنجەی پێمەوە دەبێتە ڕووداو

بە تەواوی دەمار و خوێنمدا

مێرووله و هەڵبەز و دابەز دەکات

لە چاومدا دەبێت ئاگری حەفت دەم و خاوکردنەوەی هەستی بۆنکردن

لە ڕووناکی دیدارا چاوم سووتا

لەمەو بەدوا هیچ موچڕکێک بەچاومدا تێناپەڕێت (بەرگی دووەم: 330)

٢-١-٣ کێشدار بۆ بێ کێش

هاوشێوەی بێ سەروایی، شیعری هاوچەرخ هیچ کێشێکیشی نییە، بەمەش ئاوازی دەرەوەی دەق لاواز دەبێت کە لەڕێی کێش و سەرواوە دروستدەبێت و لە هەمانکاتیشدا ئاوازی ناوەوەشی تێدا تاڕادەیەک لاوازە، چونکە لە شیعری هاوچەرخدا دووبارەبوونەوەی وشە یان دووبارەبوونەوەی دەنگێک بۆ چەند جارێک یان هەڵبژاردنی چەند وشەیەک کە لەخۆگری دەنگێکی دیاریکراوبن کەم ڕوودەدات و بەمەش دەتوانین بڵێین شیعری هاوچەرخ ڕیتم و ئاوازەکەی بە بەراورد بە شیعری نوێ و شیعری کلاسیک لاوازە:

نیگای باڵندە لە ڕوخساری ڕاوچی نێژرا

لەدواییدا ئەم نیگایە چپەی بۆ هاوڕێکانی کرد

من باوەڕم بەو چپەیە هەیە کە نیگا دەیکاتە گۆرانی

گۆرانی ئێسکی لەشی ئەو مرۆڤە دەتوێنێتەوە کە چاوی دڵی نووسیوە

دەمووچاوی زەویش وەک برووشی تەرکراو دەکاتەوە

فێنکایی ئێوارە بەناز بەناز دەست و پەنجەی هەولێری لە خەنە دەنا (بەرگی دووەم: 273)

لەم شیعرەدا نە کێش و نە سەروا و نە ئاواز نین، کەواتە دەبێت ئەم شیعرە شیعرێک بێت کەموکوڕی تێدابێت، ئەمە ڕاستە؟ ئەمە ئەگەر پەنجا ساڵێک زووتر بنووسرابا نەک کەموکوڕی تێدابوو، بگرە هەر بە شیعر دانەدەنرا، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا شیعرە و شیعرێکی بێ کەموکوڕیشە، چونکە شاعیری هاوچەرخ و لەناویشیاندا شاعیری ئێمە زیرەکانە و دەستڕەنگینانە ئەو کەموکوڕییانەی کە ڕەنگە بەهۆی یەکێک لە توخمە کۆنەکانی هۆنینەوەی

شیعر بێنە پێشەوە لەڕێی هەڵبژاردنی فیکری جوان و گونجاو و نوێ چارەسەردەکات و وا لە خوێنەر دەکات لە دەمی خوێندنەوەی شیعرەکەیدا هەرگیز بیری بۆ ئەو توخمانە نەچێت.

من لێرە تەنیا دوو لەتەدێڕ کە یەکەمیان لە سەرەتایە و ئەوەی دیکەشیان لە کۆتایی بۆ نموونەی ئەو جوانییە دەهێنمەوە، (نیگای باڵندە لە ڕوخساری ڕاوچی نێژرا) وێنە و دەربڕینێکی جوان لەباتی ئەوەی پێمان بڵێ ڕاوچییەک باڵندەیەکی کوشت، وای دەربڕیوە. لە دوا لەتی ئەم کۆپلەیە دەڵێ (فێنکایی ئێوارە بەناز بەناز دەست و پەنجەی هەولێری لە خەنە دەنا)، فێنکایی ناز دەکات و بەسەر خاکی هەولێردا تێدەپەڕێ و وەک ئەوە وایە هەولێر دەست و پەنجەی هەبێت و لەخەنە بنرێ، هەڵکردنی با و تێپەڕینی بەسەر پووش و پاوانی دەشتی هەولێر هێندە جوان مەزرێنراوە، هیچ خوێنەرێکی وریا و ئاگادار لە شیعر، فیکر لە کێش و سەروا و ئاواز ناکاتەوە.

٢-١-٤ شێوازی تەقلیدی بۆ شێوازی نوێ و کورت و تێکشکاو

دیارترین شتێک کە وای لە شێوازی شیعری (ڕەنجدەر) کردووە هەم هاوچەرخێتی پێوە دیاربێ و هەم لە بەشێکی زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆی جودا ببێتەوە، بریتییە لە خۆڕزگارکردن لەوەی لە دونیای ئەدەبی کۆن ناوی نرابوو یەکێتیی بابەت لە سنووری تاکە دێڕێک و ئەدەبی نوێی کوردیش یەکێتیی بابەتی لە تەواوی شیعرێک دەپاراست و بەشێک لە شاعیرانی هاوچەرخیش هەمان کاریان دەکرد، بەڵام سەباح ڕەنجدەر زۆربەی کات تەواوی فیکرەیەک لە دووتوێی ڕستەیەکدا کۆدەکاتەوە و بە چڕی و پوختی و بێگومان جوانییەوە دەیهۆنێتەوە و ئەگەر زۆر بڕوا دەیگەیەنێتە دوو ڕستە، ئەمەش خەسڵەتی دیار و خاڵی بەهێزی شیعرەکانیەتی:

توانیمان بەناو ڕێگا ئاڵۆزەکاندا بفرین

هەنگاوێک ماوە بگەینە منداڵیی

م مشتومڕی ئاهەنگی برایەکانم لە گەرمی ئاو سارد بووەوە

ن نەگەیشتمە ناولێنانی ئاو

د دەستی میراتی ئاو دەگرم و دەڕژێمە لەشتان ئەرێ ئاو بڕژێمە کوێ

أ ئاوارەیی لە چۆڵایی ئاو ئاسۆی لێ نەکەوتەوە

ل لم هەڵخەڵەتاوترین ئاشقی ئاوە بە مژێک هەڵێدەلووشێ

ی پەیوەندی نێوان من دایک و باوکم و داپیر و باپیرەم و حەوا و ئادەم

خوا پێویستی پێ نەما فڕێی دا (بەرگی یەکەم: 105)

هەر ڕستەیەک لەمەی سەرەوە خودان واتایەکی براوە و جوانییەکی نەبڕاوەیە و کەمێک گەمەی شێوازیش کە لەگەڵ وشەی (منداڵ)دا کراوە، شیعرەکەی هەنگاوێکی دیکە جوانتر کردووە.

وەک باسکرا، (سەباح ڕەنجدەر) فیکرەکانی چڕدەکاتەوە، ئینجا بە کورتی لە ڕستەیەکدا دەریدەبڕێ، ئەمەش زۆر لەجێیە، بەڵام هێشتا شیعرەکانی زۆر دوور و درێژن، کە ئەمە لەگەڵ شیعری هاوچەرخ تەبا نییە و شیعری هاوچەرخ دەبێت تا دەکرێ کورت بێت.

ئەو لە ڕووی شێوازی هۆنینەوە هەنگاوی دیکەش چووەتە پێش، وەک شیعری (مەرگی ئاوێنە) و دەیان شیعری دیکە کە جۆرە ئەدەبییەکانی تێکەڵکردووە و ناونان و ناسینەوەیان سەختە و بەمەش خەسڵەتێکی دیکەی هاوچەرخێتی جێبەجێکردووە، کە ژانری ئەدەبی پاراو و پەتیمان نییە و ئەوەی هەمانە تێکەڵەیە:

ئاوی نەفخی سوور خورایەوە
خوداوەند
فریشتە
دەرگای بەهەشتیان لە ڕواڵەت داخراو
لە دڵەوەش کرایەوە
کەڵکی فریاکەوتن
پەراسووی ئادەم
بزماری ئەو ددانانەن لەسێو ڕەش بوون
چارۆگەی پەڕۆی ڕوو بڵندی شەوی پەردەی حەوا
شادمانی سەر زەمین
(نغرۆبوون بۆ من کە نامەی شەڕ کەرەکانم بۆ دایک و باوکە نەخوێندەوارەکانیان دەخوێندەوە نغرۆتر بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگوباسی شەڕ دەگرێت و ئاگری شکانی لایەک دەروونی ڕووناک دەکاتەوە نغرۆتریش بۆ ئەوانەی خواردن بۆ بەرەکانی شەڕ دەبەن) (بەرگی یەکەم: 133)

## ٢-٢ گۆڕانی زمان:

هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەڕووی فۆڕم و شێواز و بابەت دەکرێن بە شێوەیەک لە شێوەکان گۆڕانکاری لە زمان دروستدەکەن، چونکە زمان هەم خۆی جەوهەری شیعرە و هەمیش دەربڕی هەموو ئەو توخم و ڕەگەز و بوونانەیە کە لەناو شیعر دەمەزرێنرێن.

ڕەنجدەر وەک هەر شاعیرێکی دیکەی هاوچەرخ خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە وەختێک شیعری هەشتەکانی شاعیر و ئەوەی ئەمدواییەشی دەخوێنییەوە هەست دەکەی هەمان هەناسە و هەمان زمان بۆ هۆنینەوەی شیعری هەردوو سەردەم بەکارهاتووە و ئەمەش کێماسی نییە و زمان و شێوازی شیعری شاعیرە و تێبینی دەکرێ زمانی شیعریی هەشتاکانی جوانتریشە، چونکە پتر خۆماندووکردنیان پێوە دیارە. ئەو دووبارە بە هێنانەگۆڕێی زمانێکی تایبەت بە خۆی خەسڵەتی هاوچەرخبوونی لە شیعرەکانیدا تۆختر کردووە، چونکە زمانی شیعری هاوچەرخ زمانی شاعیر خۆیەتی و تایبەتە و لەهی کەسی تر ناچێت:

لێکدانەوەت بۆ
هەڵەی مەرگ و
کووژەکەی شین و
نەمریی و
زیندووبوونەوە چییە
کەڵەکێوی لەگەڵ سووڕانەوەی هەر ساڵێک
قەفێک لە شاخی بەرزدەبێتەوە و مووی دەوەرێ (بەرگی دووەم: 220)

ئەو بۆ ئەوەی مۆرکی خۆی پتر لەو زمانە جیاوازە پیشانبدا، پتر ڕۆچووەتە ناو زمانی شیعری هاوچەرخ و ئەگەرچی کوردە و ڕۆژهەلاتییە، بەلام ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە هێمان بۆ شتی بەرجەستە، زۆر زیاترن لەو وشانەی هێمان بۆ دیاردە و بوونە واتاییەکان:

(یاقووتی ئەنگوستیلە)
پەیژەم ناوەتە دیواری چل و حەوتەوە
کاتژمێری سەر دیوارەکەی تووڕەم دەکات
لە خانوو و ماڵی سەر ئەم بەرزاییە
گوڵێکی ناو باخچەییم لێکردەوە
کە هێشتان خوناوی شەوی لەسەر مابوو
ئەڵقەیەکم خستە ناوی
لەسەر لێوی پەنجەرەی ماڵیانم دانا (بەرگی دووەم: 331)

بە وردبوونەوە لەم شیعرەی سەرەوە و هاڵاوێرکردنی وشە بەرجەستەکان لە وشە واتاییەکان، دەبینین ڕێژەی وشە بەرجەستەکانی وەک (پەیژە، دیوار، کاتژمێر، خانوو، گوڵ، باخچە، خوناو، پەنجەرە، ئەڵقە)، زۆر زیاترن لە وشە واتاییەکان.

سەوداکردن لەگەڵ وشە، جا بەرجەستە بن یان واتایی، لە شیعری هاوچەرخی شاعیرانی جیهان جیاوازە لە شیعری هاوچەرخی شاعیرانی کورد، چونکە شاعیرانی جیهان کاتێک وشە یان ڕستەیەک بەکاردێنن، ڕێک ئەو وشە و ڕستانەن کە خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانە و لە قسەکردنی ڕۆژانە بەکاریدێنن، واتا خۆیان دوور دەگرن لەبەکارهێنانی زمانی فەرمی، بەلام شاعیرانی کورد بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانیان زیاتر پەنا بۆ زمانی فەرمی دەبەن، کە بەڕای من ئەمە بۆ زمانی کوردی کارێکی زۆر باشە، چونکە زمانی نووسینی ئێمە تا ئێستاش نەگەیشتووەتە دوا فۆرمی خۆی، تا بتوانین دەسبەرداری بین و جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزینەوە:

باڵە گەورە فەرامۆشکراوەکانی ئادەم
سبەی تۆبەی هەڵگیرسانی کامە پەنایە
کێها تامەزرۆیی لوولم دەدات
چاوەڕوانی گردێکە لە خۆڵ

کانی خۆڵی لێ دەخوات
لەبەربوونەوەی بارانی خەوسووک و بای خەوگران
ماڵەکانی ناو دۆڵ ئاگریان کوژایەوە (بەرگی یەکەم: 79)

لێرە (ڕەنجدەر) (کێها)ی بەکارهێناوە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی نیشتمان بەکاردەهێنرێ، بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەمە پەیوەندی بە بەکارهێنانی زار یان شێوەزاری ناوچەیەک نییە، هێندەی مەبەستی بووە دووجار هەمان جێناوی پرس دووبارە نەکاتەوە، چونکە لە ڕستەی پێشتر (کامە)ی بەکارهێناوە و ئەگەر لە ڕستەی دواتریش هەمان کاری بکردبا، ئەوا هەردوو ڕستەکە ناقۆلا دەبوون، بەڵام بە گۆڕینی جێناوە پرسەکە کە هەمان واتاشی هەیە خۆی لەمە ڕزگارکردووە و شیعرەکە جوان ماوەتەوە.

٢-٣ بابەتی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر

ئەدەبیاتی هاوچەرخ بە گشتی و لەناویشیدا شیعری هاوچەرخ دەکرێ لەخۆگری هەر بابەتێک بن، بەڵام شاعیرانی هاوچەرخ پتر دەپرژێنە سەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و نەهامەتی و دەردەسەرییەکانی خەڵکەوە هەیە. پرسی کۆچ و کۆچبەران، ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لە بەردەم شاعیر ڕوودەدەن و ئەزموونی خەڵکانی دیکە کە شاعیر خۆی بینیونی، بیرکردنەوە لە گەردوون و بابەتە فیکرییە قووڵەکان، ئەمانە و دەیان بابەتی دیکەی هاوشێوەیان دەکرێ لە دووتوێی شیعرێکی هاوچەرخ بمەزرێنرێن.

(ڕەنجدەر) شاعیرێکی هاوچەرخە و کەم باسی شوێنی تایبەت دەکات و زۆرتر ئەو شوێنانە لە شیعرەکانی جێگیر دەکات کە شوێنی گشتین، تا هەر تاکێکی سەر ئەم گۆی زەمینە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرێکیدا خۆی تێدا ببینێتەوە:

زەوی مەیی خانەدانی خواردووەتەوە
قسەی دڵم دەزانێت و هەمیشە تاجی بیرکردنەوە و پشوودانیم
پیاڵەیەک مەیم لە زەوی خانەدان وەرگرت (بەرگی دووەم: 233)

زەوی و خەمەکانی و کارەساتەکانی و هەموو ئەو ڕووداوانەی تێیدا و لە سەردەمی شاعیر ڕوودەدەن، دەکرێ ببنە هەوێنی هەر شیعرێکی. بێجگەی ئەمەش بیرکردنەوەکانی خۆشی:

بیرکردنەوە جەنگێکی ئاسۆییە
ئازایی و ئازادیم تێیدا خەواندووە
کاتژمێر دەخاتە دەستی
درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام
پانتۆڵێکی ئاوریشمینم لەبەردابوو
لەناو باخچە دەڕۆیشتم
باخچەش خەونی دەبینی
ملپێچە خورییەکەمم لەسەر لکەکانی دانا
بێ شومار جگەرەم کێشا

پەنجەکانم بەدووکەڵ زەرد بوون
کاتی نانخواردن ژن و منداڵەکانم ئارەزوویانە دوور لە من دانیشن
ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا نەبوو (بەرگی یەکەم: 169)

ئەو بەدەم ڕێگە و بەدەم جگەرەکێشانەوە خەریکی جەنگێکی ئاسۆییە، جەنگێک کە هیچ کەس تێیدا زەرەرمەند نییە، بەڵام خۆشی تێیدا ناگا بەهیچ. ئەو ئەزموونێکی کەسیی هەیە، دەیەوێ تێبگات بۆچی لە دەمی نان خواردندا ژن و منداڵەکانی ئارەزووی ئەوەیان هەیە دوور لە ئەو دانیشن، بەڵام ناتوانێ ئەم گرێیە بکاتەوە.

بێجگەی ئەمەی سەرەوە، ئەو هەرچەندە بیرکردنەوەی بە جەنگ داناوە، بەڵام ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئازایەتی و ئازادیی خۆی لەوێ داناوە، واتە هەر هەنگاوێک کە لە ژیان هەڵیدەگرێ بیری لێدەکاتەوە و لەخۆوە هیچ کارێک ناکات.

نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی و میللەتەکەی خۆشی بابەتێک نین کە (سەباح ڕەنجدەر) خۆی لێ گۆردی کردبێ، ئەو بەمشێوەیە کۆچڕەو دەکاتە شیعر:

سی و یەکی سێی هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەک
گرفتی تۆفانی کەم کردەوە
خەونی بەختەوەری لە بەرزاییەکانەوە دەستی فریای بڵاوکردەوە
سەرمای باران بۆمان نەخۆشی بوو
ئێستا نمەیە
دەچێتە ناو بژی ئەسپ و پەڕوباڵی دار سنەوبەرەکانمانەوە (بەرگی یەکەم: 391)

وەختێک ئەم شیعرە دەخوێنییەوە هێندە جوان نووسراوە، وا هەستدەکەی کۆچڕەو خۆشبووە. لەوێ تۆفان بە هەموو واتایەکی ئامادەبوو، بەختەوەری دەپاڕایەوە کە جارێک ببێتە بەشی میللەتەکەی شاعیر و نمەش وەک ئەوەی هیچی نەکردبێ بژی ئەسپ و سنەوبەرەکان تەڕدەکات.

ئەو چڕی و کورتییەی لە دێڕە شیعرەکانی (ڕەنجدەر)دا هەیە و پێشتر باسمانکرد، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە لە دووتوێی یەک کۆپلە شیعردا چەند بابەتێکی جیاواز باسبکات، یان چەند قسەیەکی جیاواز لەبارەی بابەتێکەوە بکات، بە جۆرێک بابەتێکی کۆن بکاتە پاساو بۆ دوان لەبارەی چەندین بابەتی هاوچەرخ:

دیمەنەکان پێویستییان بە ڕەنگ کردن بوو
دەروونم بە ئارەزووی چاوم ڕەنگی کردن
ئادەم پەراسووی ئاوس بوو
حەوای منداڵ دەمی لە مەمکی نەپشکفتوو کوتا
قۆڵی لە کراسی دڕاوی زەوی هاوێشت
خاتوونی پەراسوو دەستی لە عارد خشاند
چاوی بە خۆڵەمێشی هەمیشەیی ڕشت
گڵۆپ چڵکی هەڵبوون

پەلکە مێوی حەوشەی مزگەفت لێفەی ڕۆژنووستنی شەمشەمەکوێرەیە
کەڵەک لەداری تاتەشۆر دروستکران
دارەبازە لە پەراسووی ئادەم
سەنگایی بەردم بۆ ڕانەگیرا (بەرگی یەکەم: 81)

لەم شیعرەدا دەروون بووە بە وەڵامدەرەوەی هەردوو چاو بۆ ڕەنگکردنی دیمەنەکانی ژیان، بۆچوون لەبارەی حەوا و ئادەم و مردن و پەرینەوە و قورسایی ئەو بابەتانەن هەریەکەیان بە جودا لەگەڵ ئەوەی دیکە باسکراوە و کلتوور و فیکری نەتەوەیەکی لەڕێ خراوەتەڕوو.

هاوچەرخێتی ئەوەیە شاعیر باسی کلتوور و ئەو پرسانە بکات، کە پرسی ئێستای خەڵکن بۆ نموونە دارچاندن و پارێزراوی باڵندەکان:

پارانەوەی پێش نوێژ و پاش نوێژم ئەوەیە
زەوییەکی بەتاڵ مابێت درەختی لێ بچێنم
سێبەری سووک بێت
جێی ستایشە درەخت بڕوێ
باڵندەش بێ ماندووبوون تێبپەڕن (بەرگی دووەم: 136)

لە شیعری هاوچەرخی دونیا بابەتی دیکەش هەن کە ڕەنگە تا ئێستا لای شاعیرانی ئێمە نەبووبنە جێی سەرنج و ڕامان و لەبارەوە نووسین. هەروەها شێوازی نووسین و فەزای نووسینی جیاوازیش هەن کە دووبارە هێشتا لە شیعری هاوچەرخی کوردی نابینرێن، بەڵام ئەمە مانای وانییە هەرچی لە ئەدەبی هاوچەرخی دونیا هەیە دەبێت لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیش هەبێت، چونکە ئێمە لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا ئەوەمان خستەڕوو کە ئەدەبی هاوچەرخی هیچ میللەتێک بە تەواوی لە هی میللەتێکی دیکە ناچێت.

ئەنجام

1. شیعری هاوچەرخ نە کێشی هەیە و نە سەروا و ئەو ئاوازەی هەیەتی زۆر لاوازە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەش لە شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەردا بە زەقی دەرکەوتوون.
2. شیعری هاوچەرخی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی جەستەی خوێنەر بکاتە بەشێک لە شیعرەکەی و بەشێک لە جەستەی خوێنەر هاوبەشی پێبکات، شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەریش ئەم تایبەتمەندییەیان تێدا نییە.
3. تایبەتمەندییەکی دیاری شیعری هاوچەرخ کورتبڕییە و ئەمە دیارترین تایبەتمەندیی شیعری سەباح ڕەنجدەریشە کە پەیام و بابەتەکانی لە سنووری ڕستەیەک یان دوو ڕستە دەخاتەڕوو، ئەمەش هاوکارێکی باشیەتی تا لە شیعرێکدا باسی چەند بابەتێکی جیاواز بکات.

4. زمانی شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر کە بەشێکە لە شیعری کوردی پتر فەرمییە و زمانی ڕۆژانەی خەڵک نییە، لە مەشدا پێچەوانەی تایبەتمەندیی شیعری هاوچەرخی جیهانییە.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

- ڕەنجدەر، سەباح(٢٠١٨)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- ڕەنجدەر، سەباح(٢٠١٨)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- سابیر، پەرێز(٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- قەرەداغی، حەمە ڕەشید(٢٠١٢)، فەرهەنگی ئازادیی (ئینگلیزی-کوردی)، چاپی سێیەم، نشر ئیحسان.

سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

- اسماعيل، عزالدين(٢٠٠٣)، آفاق الشعر الحديث والمعاصر في مصر، دار غريب.
- أبوسنة، محمد ابراهيم(1986)، تجارب نقدية و قضايا أدبية، دار المعارف.
- الزمخشري، محمود بن عمر(1419)، اساس البلاغة، تحقيق محمد باسل، دار الكتب، بيروت.

سەرچاوە بە زمانی فارسی:

- شمیسا، سیروس(١٣٨٣)، راهنمای ادبیات معاصر، چاپ نخست، چاپخانه تابش.
- مقدم، عباس جباری(١٣١٣)، شعر و ویژەگیهای شیعر معاصر از دیدگاه شاملو، کتاب ماه ادبیات و فلسفه، سال هفتم، شماره ١١، شهریور.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

- Hornby AS (2005) Oxford Advanced Learner’s Dictionary of Current English, Oxford University Press.
- Miller, Lindy (2001), Mastering Practical Criticism, New York, Macmillan press.

گۆڤار و ڕۆژنامە:

گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی:

- رسول، عیزەدەین مستەفا(١٩٨٩)، ریالیزمی سۆشیالیستی و ئەدەبیاتی کوردی، بەشی دووەم، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٣.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

سەرچاوەی ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیزی

- HESS,GARY R.(2015), CHARACTERISTICS OF CONTEMPORARY POETRY, BRIGHT DREAMS JOURNAL,POETRY FOR EVERYONE, , JULY 4.( Characteristics of Contemporary Poetry)
- Sparks,Alicia(2023),What Are the Different Types of Contemporary Poetry?,Last Modified Date: July 12.https://www.languagehumanities.org/what-are-the-different-types-of-contemporary-poetry

الملخص

يرتبط تطور الشعر الكردي المعاصر ارتباطا وثيقا بتطور الشعر على نطاق عالمي. بعد ظهور مجموعتي الرونكة والكفري ، شهد الأدب الكردي انتشار الشعر المعاصر، وسير العديد من الشعراء على خطيهم لاحقا. بالإضافة إلى ذلك ، يتضح أنه على غرار الشعر في جميع أنحاء العالم ، شهد الشعر الكردي المعاصر تحولات من حيث اللغويات والمحتوى والأسلوب.

ورقة البحث بعنوان "استكشاف الخصائص الفريدة للشعر الكردي المعاصر من خلال قصائد صباح رنجدر". علاوة على ذلك، تهدف هذه الدراسة إلى الخوض في الخصائص المميزة للشعر الكردي المعاصر لتحديد وتحليل هذه الخصائص من خلال استخدام قصائد صباح رنجدر كأمثلة توضيحية.